**وەزارەتی تەندروستی**

**ژمارە: ٩١٠٨ لە ٢٠٢٢/٦/٢٢**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (حەوتەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ئەم ڕێنماییانەی خوارەوەمان دەرکرد :-

**ڕێنمایی ژمارە(٣)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**ڕێنمایی وەسفی پیشەیی بۆ پسپۆری پزیشکی فریاکەوتن**

**ماددەی (١): پێناسەکان**

- **ناونیشانی پیشەیی :** پزیشکی فریاکەوتن
- **شوێنی کار :**دەزگا تەندروستیەکان
- **پەیوەندی کارگێری :**پەیوەندی هەیە لەگەڵ بەرپرسی یەکە تەندروستیەکان
- **پێناسەی کار:** کاری پزیشکی فریاکەوتن پەیوەستە بە زانیاری و کارامەیی (Skill) پێویست لە (پێشگرتن، دەستنیشان کردن ، چارەسەرکردن)ی هەموو لایەنە کتو پڕ و لە ناکاوەکانی (هەر جۆرە نەخۆشی و زەبری دەرەکی) لە هەموو تەمەنەکان لەگەڵ کۆمەڵێک لە تەنگەژەی جەستەیی و هەڵسوکەوتی نادیار کە کاریگەری خراپی هەیە لەسەر نەخۆش ، هەموو چەمکی بەرەوپێشچوونی سیستەمەکانی فریاکەوتن دەگرێتەوە لە نەخۆشخانەکان وە لەدەرەوەی نەخۆشخانەکانیش ، وە زانیاری و کارامەییە پێویستەکان بۆ ئەم بەرەوپێش چوونە .

**ماددەی (٢): ئەرکەکان :**

١- دابینکردنی چارەسەری پێویست و دەستبەجێ بۆ هەر حاڵەتێکی لە ناکاو لە هەر بارودۆخێکی فریاکەتن دابێت .

٢- دەستنیشانکردنی سەرەتایی حاڵەتی نەخۆشیەکە ( provisional diagnoses and differential diagnoses) لەگەڵ جیاکردنەوەی ئەو حاڵەتانەی کە مەترسی گیان لەدەستدانی لێدەکرێت .

٣- بەرێوەبردنی ئەو بارودۆخە لە ناکاوانەی کە پێویست دەکات زۆر بە خێرایی بڕیار لە چارەسەرکردنی حاڵەتەکان بدرێت لە ماوەیەکی زۆر کەم بۆ پاراستنی ژیانی کەسەکان.

٤- چارەسەرکردنی نەخۆش لەهەر تەمەنێک دابن و ئەوانەی توشی حاڵەتی لەناکاو و کتوپر دەبن(acute and urgent illness and injury) وە ئەو کەسانەی کە دەناڵێنن بەدەست کۆمەڵێک نیشانە و تەنگەژەی جەستەیی و هەڵسوکەوتی ناجێگیر.

٥- پسپۆری پزیشکی فریاکەوتن سەرپەرشتی تیمی چارەسەری نەخۆش دەکات لە بەشی پێشوازی فریاکەوتن ، بە تایبەت لە کاتی بوونی برینداری بە کۆمەڵ.

٦- دەتوانن سەرجەم خولەکانی فریاکەوتن لە ئاستی سەرەتایی و پێشکەوتوو بۆ سەرجەم چین وتوێژەکان بلێنەوە.

٧- راوێژکردن لەگەڵ پسپۆریەکانی دی لەکاتی پێویست .





٨- جگە لە رۆڵی چارەسەرکار ، بینینی رۆڵی بەرگریکار و رێنیشاندەر بۆ هەموو ئەو نەخۆشانەی لە باری تەندروستی کتو پڕ و لە ناکاو دان .

٩- پابەندبوون بە چارەسەری نەخۆش لە سەرووی هەموو بابەتێکەوە بێت.

١٠- پابەند بن بە ئاگادارکردنەوەی لایەنی پەیوەندیدار بەهەر حاڵەتێکی نەخۆشی کە پێویستی بەئاگادارکردنەوەی دەستبەجێ هەبێت بەپێی لیستی (immediate notifiable disease)

١١- پزیشکانی ئەم بوارە دەتوانن لە یەکەی (clinical decision unit – CDU) نەخۆش داخیل بکەن بۆ ماوەی (٢٤-٤٨) کاتژمێر بە مەبەستی چاودێریکردن و چارەسەرکردنی ئەگەر پێویست بکات، بەڵام باشتر وایە لە ٢٤ کاتژمێر تێپەر نەکات ، لەو ماوەیەش (٢٤ – ٤٨) کاتژمێر پێویستە نەخۆشەکە تخریج بکرێت یان رەوانەی پسپۆری تایبەتمەند بکرێت ، بۆ ئەم مەبەستەش نەخۆشخانەکان پێویستە یەکەی (CDU) یان هەبێت.

١٢- سەرپەرشتی کردنی سەرجەم پزیشکەکانی خولاو و نیشتەجێی دێرین لەبەشی پێشوازی.

١٣- دەبێت هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ نەخۆش و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری فریاکەوتن بەبێ جیاوازی لەسەر بنەمای رەگەز و ئاینی و.....هتد

**ماددەی (٣): کاتەکانی کارکردن :**

١٤- پسپۆرانی بواری پزیشکی فریاکەوتن بە شێوەیەکی گشتی لە شەفتی (متناوب) دا کاردەکەن بۆ سەرپەرشتی کردنی بەشی فریاکەوتن وە هەموو رووداوە گەورەکان دەگرنە ئەستۆ لەبەشەکەدا.

**ماددەی (٤): لێهاتووی پێویست:**

- شارەزایی لە ڕێنماییەکانی پزیشکی بۆ حاڵەتەکانی فریاکەوتن.
- هەبوونی لێهاتووی پەیوەندیکردن و هەڵسوکەوت لەگەڵ کەسایەتیە جیاوازەکان لە لایەنی کەلتور و ئاین و کۆمەڵایەتی و ئابووری .
- توانای کارکردنی هەبێت بە کۆمەڵ و هەماهەنگی کردن لەگەڵ تیمی کار وە هەروەها کارکردن بەشیوەیەکی سەربەخۆ .
- بوونی لێهاتووی پەیوەندیکردنی زارەکی و نووسین وە باشترین گوێگرتن .
- هەبوونی لێهاتووی پێشکەشکردنی چارەسەری پێویست بۆ کێشەکان .
- توانای هەبوونی بڕیاردان لە حاڵەتە ئاڵۆزەکان .

**ماددەی (٥): بڕوانامە:**

هەڵگری بڕوانامەی پسپۆری پزیشکی فریاکەوتن ( بۆرد ، ماستەر ، دبلۆم وە بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی)

**ماددەی (٦):** ئەم ڕێنماییە کاری پێدەکرێت لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان.

**سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**